# لە بەردەم ئاوێنەکەدا دڵم ئەم قسانەی کرد:

**شیعری : حەمەشوان شەریف**



20050919

**سوید -کونگێلف**

Hamashwan1@hotmail.com

**چاوەڕێم مەبە کچێ**
**ڕەنگە ئیتر بەدیدارت نەگەمەوە .!**
**تۆ ، پێت نەزانی !**
**من دڵم بەچڵێکی پەنجەرەکەتانەوە مرد**
**من**
**بەفرێک بووم لە عەشق**
**هەتاوی سەرشێت نەیتوانیمەوە .!**
**کەچی**
**بەڕستەیەکت بووم بەهەڵم**
**من**
**لەدوای سێبەرەکەتەوە جێدەمام و**
**دڵم نەدەهات پێ تلێبنێم . ! .**
**من منی لە عەشق هەڵکێشراو**
**تاماوم دەبێ لە بازنەیەکی تەنیایدا**
**بسوڕێمەوە**
**دەزانم**
**لەتەوێڵم نوسراوە**
**تۆم خۆش بوێ و بەس ! .**

گوناهم چیە ئەو کچەی خۆشیی دەوێم
من خۆشم ناوێ ؛!
ئەی بۆ ؟ تاوانبارم
کە ئەو کچەی خۆشم دەوێ
ئەو منی خۆش ناوێ ! ؟.
من منی ئێوارەیەکی پایز
بەدەست گومانەوە دەشنێمەوە
نەبەهارێک دەبینم بۆ دوارۆژ و
نەهەتاوێک سڵاودەخاتە ژوورەکەمەوە و
نە بەیانیەیەک ئەسرینم ئەسڕێ ..
ئاخر بۆ واتلێکردم بـــۆ ؟
بەرلەوەی بتناسم
هاڵاوم لێهەڵئەستا لە بەختەوەری
پێکەنینم لێدەڕژا
لەگەڵ هەتاودا دەگەڕام
گوڵ بەیەخەمەوە وشک نەئەبوو
ئێوارەیەک نەما
گوێ لەگۆرانیەک نەگرم
بە چێژەوە ڕۆمانێکم دەخوێندەوە
بە هیوایەکەوە هۆنراوەیەکم ئەنوسی
بۆ ئەوین تـــا ت تا
لە ڕوناکی جوانتربێت !!!!

کچێ ک چ ێ
بۆ هەردەبێ کوڕ بپاڕێتەوە
پرسیارێکم هەیە : -
؟!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!
ژمارەی پاڕانەوەکانی کوڕ زۆرترە
یان هی ئەو کیژانەی

## لێویان سوێیبوەتەوە بۆ ماچ !؟ :،

وەک کوڕەکەی جاران  تێم مەڕوانە
بیرم کورت بووەتەوە لەڕوانین
بە پرترین کەس خۆم ئەبینم لەئەویندا
گویایە دەڵێن
تۆم بینیوە و نەمدواندووی
ئەڵێن :
ئەو کچەی خۆشیی دەویستم
بە فرمێسکی هۆنراوە دەچنێ و
دیوانێکی لە ژێرناوی
(خۆر و سەهۆڵ )* لەچاپایە .
ئەو کچەی خۆشم دەویست
سەرقاڵی منداڵە  و
پیاوەکەشی  وە کو زریان
گەڵاو خونچەی
بەدرەختی  لەشیەوە نەهێڵاوە

منیش  لێرە !
نیشتمانێک بە گومانەوە تێمدەڕوانێ و
هەناسەی تۆش بابوەستێ
مەگەر هەر بـــــا
بێت  پێوبڵێ
ڕۆمانێکم لە ئەویندا بەڕێوەیە و
بەم زوانە لە چاپدەدرێ  .....
!!!! ......